
# بەشی دووەم
# شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبار
# میزۆپۆتامیا ( الرافدین )

میزۆپۆتامیا واتە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (مەبەست دیجلە و فوراتە)، ئەو ناوچە جوگرافیە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا، بە یەکێك لە مەڵبەندە هەرەکۆنەکانی شارستانیەت دادەنرێت لە جیهان.

شارستانیەتی زۆر حوکمڕانی ئەو ئەو ناوچەیەی کردووە لەوانە ( سۆمەری - ئەکەدی - بابلی - ئاشوری - میدیا) لەسەر خاکی میزۆپۆتامیا دەستکەوتی شارستانیەتی گرنگ بەدەست هاتووە لە بوارەکانی هونەری بیناسازی و یاسا و بیر و هزر و زۆر بواری دیکە.








# شارستانییەتی دۆڵی دووڕووبار (میزۆپۆتامیا) (وادي الرافدين):

هەر لە کۆنەوە چەندین کۆمەڵی مرۆیی لە میزۆپۆتامیا نیشتەجێبوون، جیاجیاو پێکەوە بەشداریان لە بنیاتنانی شارستانیەتیەکەیدا کردووە.
میزۆپۆتامیا دەڤەرێکی کراوە بوو لەبەردەم هاتنی شەپۆلە مرۆییە یەك لە دوای یەکەکان. کە لە ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاواوە نەتەوەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب بە دۆڵی (فوڕات) ەوە ڕوویان کردە میزۆپۆتامیا.
هاوکات چەندین شەپۆلی مرۆیی تر لە ڕۆژهەڵاتەوە بە دۆڵی (دیجلە)دا تێپەڕیوون وهاتنە میزۆپۆتامیا ئەوانیش (نەتەوە هیندۆ ئەورووپیەکان)بوون. ئەم شەپۆلانە لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکانی وڵات وەکو (سۆمەریەکان و لولوبیەکان و گوتییەکان و خورییەکان و ئەکەدییەکان و بابلییەکان و ئاشورییەکان ) تێکەڵ بوون. ئەم تێکەڵبوونە بوونە مایەی ئاڵوگۆڕی شارەزایی و ڕاو هزر، بۆیە شارستانییەتی میزۆپۆتامیا پێی کاریگەر بوون و کاریگەریان لەسەر هەبووە.
هەرچەندە سۆمەریەکان بە داهێنەری بناغەی شارستانێتی پێشکەتوو دادەنرێن، ئەوان لە بواری (هزر و هونەر و بیناسازی و کشتوکاڵ و ئاودێری و داهێنانی نووسین) دەستی باڵایان هەبووە، بەڵام ئەو نەتەوانەی کە لە دەرەوەی میزۆپۆتامیا هاتنە ناوچەیەکەیانەوە شتی تریان پێبوو، شارستانێتیەکان دەوڵەمەند کرد و گەشەیان پێدا بە شێوەیەك کە لەگەڵیان بگونجێ، لەگەڵ پاراستنی ئەو بنەمایانەی کە سۆمەرییەکان دایان ڕشتبوو بۆیە دەتوانین بڵێین شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبار مۆرکی نێونەتەوەیی مرۆڤایەتی هەبوو. دواتریش بووە سەرچاوەیەکی شارستانییەتی جیهان.

ئەوتۆیـــان بەســـەردابێت.
تەنانەت پەرســـتگاکانیش بەهەمـــان هێڵکاری و شـــێوەی ســـەرەکی مانـــەوە هەروەهـــا ڕێورەســـم و ئاهەنگ و سرووتـــە ئایینیەکانیش هەر وەك خۆیـــان مانەوە.



### ج- بنەمای نەمری (الخلود):

خواوەنـــدەکان لـــە ســـیفەتی (نەمـــری) لـــە مرۆڤـــەکان جیادەکرانەوە، واتـــە خواوەندەکان نامرن بـــە پێچەوانەی مرۆڤـــەکان کە دەمرن.
لـە داسـتانی (گلگامـش)دا ئـەوە بـە ڕوونـی هاتـووە کـە خاوەنـی مەیخانـە بـە پاشـای وەرکا (گلگامـش) دەڵێـت: ( بـۆ کـوێ کۆشـش دەکەیـت گلگامـش)؟ ) ئـەو ژیانـەی کـە بـۆی عەودالێـت نایبینیتـەوە، چونکـە خواوەنـدەکان کاتـێ مرۆڤیـان خەڵـق کـرد مردنیـان بـۆ کردنـە قـەدەر ژیانیـش بـۆ خۆیان)بـۆ جیاکردنـــەوەی پەیکەرەکانـــی خواوەنـــدەکان لـــە مرۆڤـــەکان پەیکەرســـازەکان گـــوێ و چـــاوی خواوەندەکانیـــان زێدەبـــەدەر قەبـــە و مـــەزن پیشـــان دەدا.
وەك ئاماژەیـــەك بـــۆ دانایـــی و دووربینـــی خواوەندەکانیـــان.
لـــە ســـەری خواوەندەکانیـــش تاجـــی پیـــرۆزی تایبەتیـــان بـــۆ دادەنـــان.
بـــە گشـــتی قەبـــارەی پەیکـــەری خواوەنـــدەکان لـــە پەیکـــەری پاشـــا و فەرمانـــڕەواکان گەورەتـــر و مەزنـــتر بـــوو.

### د- بەردەوام بوون (الاستمراریە):

دانیشـــتوانی دۆڵـــی دوو ڕووبار بـــە درێژایی چاخـــە مێژووییـــەکان بیروبـــاوەری خۆیـــان هەرپاراســـتووە. ســـەرەرای گوزەرکردنـــی چەندیـــن نەتەوە جیـــاواز لە چەندیـــن لاوە بۆ وڵاتەکەیـــان.
هەربۆیەش بەردەوام بوون لەســـەر پەرســـتنی خواوەندەکانیـــان هـــەر لـــە ســـەردەمی ســـۆمەریەکان بێ ئەوەی گۆڕانێکـــی بنەڕەتی

٢-ئۆتۆ:

خواوەندی (خۆر) سۆمەریەکان بوو ئەکەدییەکان پێیان دەوت: (شەمش) لە دوو شاری (سپار) و (لارسا) دەیانپەرست. بەخواوەندی هەق و دادوەری ناسرا بوو. بە سەرچاوەی (یاسا) دانراوە لەمیلی حەمورابی لەلای سەرەوە وێنەی کێشراوە.

٣-ئینانا:

خواوەندی جوانی و جەنگ و دەسەڵات بوو، لای سۆمەریەکان شوێنی پەرستنی شاری (وەرکا) بوو، بابلییەکان پێیان دەگووت: (عەشتار) هەسارەی بەیانی (زوهرە) هێماکەی بوو.

## خواوەندە نەتەوەییەکان:

ڕۆڵی هەندێك لە خواوەندەکان گەشەی سەند بەهۆی فراوانبوونی دەسەڵاتی شار و ئەو نەتەوانەی کە دەیان پەرستن وکاتێك پاشاکان پیرۆزییان بەو خواوەندانە ببەخشی، هەوڵی بڵاوکردنەوەی پەرستنیان لەشارەکانی تردا دەدا، ئەمجۆرە خواوەندانە سیفەتی (نەتەوەییان) وەرگرت، لەم خواوەندانەش:

١-مردۆخ:

خواوەندی شاری (بابل) و هێمای دەسەڵاتی بوو. لەسەردەمی حەمورابی و دەوڵەتی (بابل) پەرستگاکەی پێی دەوترا(ئیساکلا)، ڕۆڵی پاڵەوانی لە داستانی دروستکەری(خوڵقێنەری) بابلیدا پێ بەخشراوە، هاوسەرەکەشی خواوەند (صربانیتم) بوو.

٢-ئاشوور:

خواوەندی ئاشوورییەکان و هێمای دەسەڵاتیان بوو، ڕۆڵی ئەم خواوەندە بەهۆی فراوانبوونی دەوڵەتی ئاشووری پەرەی سەند هاوشانی خواوەند ئەنلیل کە خواوەندی سۆمەریەکان بوو. لە شارەکانی (ئاشوورو کەلخو و دورشروکین و نەینەوا) دەپەرسترا.

٣-خواوەند خالتی (خالدی):

خواوەندی دەوڵەتی (ئۆرارتۆ)کان بوو، هەروەها خواوەندی (خالیدیەکان)یش بووە لە شاری مەساسیر (ڕواندوز) کە بە کۆنترین و گەورەترین خێڵە کوردییە یەزیدییەکان دادەنرێت. شا سەرجۆنی دووەم لە ساڵی ٧١٤ پ.ز پەلاماری خالیدیەکانی داو پەرستگای خواوەندی (خالدی) تاڵان کرد و پەیکەرەکەی بۆ وڵاتی ئاشوور گواستەوە.




خواوەندی ئاشوور

## زەققورە:

لە زمانی ئەکەدی وشەی (زەققورە) مانای بەرزی بنیات دەنرێت (باڵەخانەی بەرز) دەبەخشێ. بریتی بوو لە قولەیەکی زۆر بڵند، لە سێ تا حەوت چین پێکهاتبوو. لە چینێکەوە بۆ چینی سەرەوە، ڕووبەری سەروتر تەسکتر دەبێت بنکەی زەققورە چوارگۆشە یان لاکێشە دەبوو، بەگشتی زەققورە بە پێپلیکانەی دەرەکی دەورە دەدرا. زەققورە گرنگترین بەشی پەرستگەکانی شار بوو. سەکۆکەکانی (زەققورە) لە خشتی وشکراو بە تیشکی خۆر بنیات دەنرا، لەدەرەوە بە بەرگ لە کەرپووچی سورکراو بەرگردەکرا. ناوی ئەو پاشایەی بناتی ناوە لەسەر دەنووسرا. قەبارەی زەققورە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاواز بوو بە پێی گرنگی شارو پەرستگەکە کە زەققورەی لێبووە. لەبەناوبانگترین زەققورەکان وەکو (زەققورەی بابل) و (زەققورەی ئوور) و (زەققورەی عەقەرقوف) مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدۆتس) ئاماژەی بە زەققورەی بابل کردووە و بە قوللەی بابل ناوی بردوە و دەڵێ لە حەوت نهۆم پێکهاتووە.

نهۆمی حەوتەم ژوورێکی بچووك بوو، بۆ پشوودانی خواوەند تەرخان کرابوو. زەققورەی (شاری ئوور) کە شا(ئوورنەمو) بنیاتی نابوو، تاکو ئێستا پاشماوەی زەققورەی (ئوور) لەسەر پێ ماوە، ڕووبەری بنکەکەی دەگاتە ٢٧٠٠م٢ شوێنەوارناسان بەرزیەکەی بە ١٣م مەزندە دەکەن. لە سێ نهۆم پێکهاتبوو، ئەم زەققورەیە بە جوانی و ڕێکی و پتەوی بناغەی ناوبانگە. ئەندازیارانی ئەم زەققورەیە بە شێوەیەکی ئەندازەیی گونجاو هەموو پێوەرەکانیان ڕێکخستبوو. بۆ گەیشتن بە زەققورەکە چەند پەیژەیەکی دەرەکی تەنیشتەکان دروست کرابوون، شوورەیەکیش دەوری دابوو.



پاشماوەی زەققورەی ئور

کاشــیەکان لــە (عەقرقــوف) زەققورەیــان بنیانتاوە، ئاســەواری تا ئێســتا ماوە، لەحەوت نهۆم پێکهاتبوو.. ســۆمەریەکان لە شــارەکانی (وەرکا و ئەریــدۆ و نوفــەر) زەققورەیــان بنیاتناوە. شــای ئاشــووری ســەرجۆنی دووەم لە شــاری (دورشروکین) زەققــورەی بنیاتناوە. (چەنــد دەریاچەیەکــی لە نزیك بنیــا دەنرا).

## زەیوان (کاهین):

ئەوانــەن کــە خزمەتــی خواوەندەکانیــان دەکــرد، چاودێــری پەرســتگەکانیان دەکــرد ئاهەنگــە ئایینیــەکان بەڕێوەدەبــرد.

لەســەرەتادا لــە وڵاتــی ســۆمەر هــەردوو دەســەڵاتی دونیایــی و ئایینــی بەدەســت کاهینــەکان بــوو، بــەڵام دواتــر ئــەم دوو دەســەڵاتە لێك جیابوونــەوەو کاهینەکان تەنها دەســەڵاتی ئایینیــان بوو.

زەیوانەکان (کاهینەکان) خوێندن و نووســینیان زانیوە، بۆیە مامۆستاو نووســەر و دادوەرەکان هەر لــەوان بوون. زەیــوان (کاهیــن) پایەی ئایینــی و کۆمەڵایەتــی بەرێــز و شــکۆداری هەبــوو. بەهــۆی زۆربوونــی ئەرکەکانــی زەیوانــەکان (کاهینەکان) جۆرە پســپۆڕیەك لە کارەکانیان پەیــدا بوو..

بۆیــە یەکێکیــان سەرپەرشــتی کاروبــاری قوربانیکردنــی دەکرد ئەوی تر نەخۆشــەکانی چارەســەردەکرد، و ســێیەمیان سەرپەرشــتی ئاهەنگــی ســتران و سروودەکانــی دەکرد.

گرنگتریــن جۆری (پیــاوی ئایینــی - زەیوان (کاهیــن)) ئەمانــە بوون

### أ-ئاشیپو:

بەرپەرســی چارەســەری نەخۆشــی و ڕاونانی گیانــە شــەڕانگێزەکان بوو.

### ب- مشمشۆ:

بــەکاری بەخــت خوێندنــەوەو فاڵچێتــی هەڵدەســتێ، هەروەها سەرپەرشــتی و خاوێن کردنــەوەی پەرســتگابوو بە ئــاوو ڕۆن.

### ج- نــارو:

سەپەرشتی ڕێکخســتن و خوێندنەوەی سروودە ئایینیەکان دەکات.

### د- گالـو:

ئامێرەکانی مۆســیقا ئامادەدەکات و مۆسیقای ئایینی دەژەنێت.


### هـ- شیشکلو:


سەرپەرشــتی هەمــوو سرووتە ئایینیــەکان و ئاهەنگەکانــی ســەری ســاڵ و نوێکردنەوەی پەیمانی بــۆ پاشــای دەکرد.

هەروەهــا ئافرەتــە زەیوانــەکان (کاهینەکان) ڕۆڵــی گرنگیــان لەبەڕێوەبردنــی کاروبــاری پەرســتگەکان و خزمەتکردنــی خواوەندەکان و پەیڕەوکردنــی سرووتــە ئایینیەکانــدا هەبوو.

# بەشی چوارەم
# شارستانییەتی ئەغریقییەکان
# (یۆنانییەکان)

شارستانییەتی ئەغریقی بە یەکێك لە کۆنترین و مەزنترین شارستانییەتە کۆنەکان دادەنرێت کە لەوڵاتی یۆنان دەرکەوت لە سەدەی هەشتی پێش زایین و دەسەڵاتی گەیشتە ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست و شارستانییەتی ئەغریقی کاریگەر بووە بەو شارستانیانەی کە لە نزیك وڵاتی یۆنان سەریانهەڵدا هەرووەك ( شارستانییەتی ئیجە بە ناوی ( دوورگەکانی دەریای ئیجە) و ( شارستانییەتی مایسینا). شارستانییەتی ئەغریقی سەرچاوەی دەرکەوتنی فەلسەفە و زانست و زانیاری بوو لە جیهانی کۆن






# بەشی پێنجەم
# شارستانییەتی ڕۆمانی

شارستانییەتی ڕۆمان لە ( ڕۆما) دەستی پێکرد کە ئەوکات دێیەکی بچووك بوو لە (ئیتاڵیا) و بووە یەکێك لە گەورەترین و مەزنترین شارستانییەکان و دەسەڵاتێك و سنورێکی فراوانی هەبوو تا گەیشتە ( ئینگلترا) و خۆرئاوای ڕووباری ( فورات) لە ئاسیا. داهێنانی ڕۆمانەکان زیاتر لە بواری (یاساو کارگێڕی و ڕێکخستنە سەربازییەکان) بوو.





# بەشی حەفتەم

## أ- شارستانییەتی ئیسلامی

## ب- شارستانییەتی میرنشینە کوردییەکان

ئەو شارستانیەتەیە دوای دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی سەریهەڵدا لە ئەنجامی کارلێکردن و تێکەڵاوی لەنێوان گەلانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و ئاینزاکان لە بوارەکانی ( بیر و هزر و فەلسەفە و زانست و تەسەوف و هونەری بیناسازی) لەو نەتەوانەش کورد کە بەشداری بەرچاوی هەبوو لە بنیاتنان و دەوڵەمەندکردنی شارستانی ئیسلامی لە بوارە جۆراوجۆرەکان.





خەلیفە عومەر لە کۆتایی (ساڵی ٢٣ کۆچی/٦٤٤ زایینی) بە دەستی (أبو لؤلؤة) فیروز بە سەختی بریندار کرا پێش ئەوەی گیان لە دەست بدات دەبوو یەکێك لە گەورە پیاوانی دەوڵەت هەڵبژێرێ جێگەی بگرێتەوە، ونەیدەویست یەکێك هەڵبژێرێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و ناتەبایی و ئەم ئەرکەی سپارد بە شەش پیاوماقوڵ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) کە بریتی بوون لە (عبدولرەحمانی کوڕی عەوف، عەلی کوڕی ئەبوتالیب، زوبێری کوڕی عەوام، عوسمانی کوڕی عەفان، تەلحەی کوڕی عوبێدوڵا، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس) ئەمانە دەستەی ڕاوێژکاری (أهل الشوری) بوون و پێیانی ڕاگەیاند ڕێکبکەون و لەناوخۆیان یەکێك هەڵبژێرن و (عبدوڵای کوڕی) لە مافی خۆپاڵاوتن بێ بەشکرد، نەوەکو نەریتی پشتاوپشتی (الوراثة) لە پایەی خەلافەت بچەسپێت، سەرئەنجام دەستەی راوێژکاری لەسەر هەڵبژاردنی (عوسمانی کوڕی عەفان) ڕێکەوتن.

## عوسمانی کوڕی عەفان:

خەلیفە عوسمان هەرچەند درێژەی بە فتوحات و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام داو وبڕیاری دا سوڕەت و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کۆبکرێنەوە، لە سەردەمی ئەودا ناکۆکی و ئاژاوە لە نێو موسوڵماندا دەرکەوت بەگوێرەی دەستەی راوێژکارەکانی هەڵسوکەوتی دەکرد نەریتی خێڵەکی پەیرەو کردو هەندێك کارو کردەوەیان ئەنجامدا بەدەربوون لە ڕێبازی پێغەمبەر (د.خ) و ڕێرەوەی (ئەبوبکر و عومەر کە بوونە مایەی ڕەنجاندنی دڵی هەندێك موسوڵمانان و یاخی بوونی والیەکانی سەر هەرێمەکان و کار بەوە گەیشت لە ساڵی ( ٣٥ کۆچی/٦٥٥ زایینی) هەندێك لە خەڵك و سوپا خەلیفەیان لە ماڵەکەی خۆی گەمارۆدا و داوایان لێکرد دەست لەکاربکێشێتەوە ئەویش ئەم داواکاریەی ڕەتکردەوە بۆیە هەڵیان کوتایە




سەری و شەهیدیانکرد، ئەمە لە حالەتێکدا بوو کە خەلیفە قورئانی دەخوێندەوە و بۆ پاراستنی گیانی موسوڵمانان شەڕی لەگەڵ هێرشبەرەکان نەدەکرد. ئەوناکۆکی و ئاژاوەیە (الفتنه) هۆکاری زۆری هەبوو دیارترینیان خۆشگوزەرانی کە کۆمەڵگای گرتەوە و دەمارگیری خێلایەتی و بڵاوبوونەوەی خراپەکاری و پیلانگێڕی لەلایەن کەسانی وەکو (عەبدوڵای کوڕی سەبەء) ی جولەکە و خۆشکردنی ئاگری ئاژاوەکە هەروەها نەرمی عوسمانیش هۆکارێك بوو.

## عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب:

نەیارانی عوسمان و زۆربەی کۆچەران و پشتیوانان(المهاجرين والأنصار) (عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب)یان بە خەلیفە هەڵبژارد و بە (میری باوەڕداران) ناویان دەبرد و نوێنەری هەرێمەکانیش بەم هەڵبژاردنە رازی بوون تەنها والی شام (معاویەی کوڕی ئەبو سفیان) نەبێت کە لە بنەماڵەی خەلیفە عوسمان بوو و هەرزوو هەڵبژاردنی (عەلی) رەتکردەوەو دروشمی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمانی بەرز کردەوە، هەروەها (عائیشە)ی خێزانی پێغەمبەر(د.خ) بە خەلافەتی عەلی ناڕازیبوو و لەشکرێکی لە هاوبیرانی کۆکردەوە کە زۆربەیان لە هاوەڵانی پێغەمبەر بوون (عەلی)یش لەشەڕی (الجمل) بەرەنگاریان بۆوە و ژمارەیەکی لێ کوشتن و عائیشەی بەڕێزەوە گەڕاندەوە بۆ مەکە.

لەو ڕۆژەوە پایەی بەرزی خەلافەت کەلێنی گەورەی تێکەوت و بەها پیرۆزەکانی لەکەدار بوون و ئاژاوەو ناتەبایی و ململانێ کەوتە نێو موسڵمانانەوەو سەدان لە هاوەڵانی پێغەمبەرو سەرکردەی موسڵمانان بەم هۆیەوە تێداچوون. دووبەرەکی خەلیفە (عەلی و معاویە) شەڕی (صفین)ی لێکەوتەوەو معاویە بەلێزانی خۆی خەلیفە عەلی و یاوەرانی لەخشتە بردو گرەوی لێ بردنەوەو دارو دەستەکەی بەیعەتیان دایێ و کردیان بەخەلیفەی خۆیان و لەبەرەی لایەنگرانی عەلیشدا کۆمەڵێك توندڕەو جیابوونەوەو عەلیان بەوە تاوانبار کرد کە چۆن لەگەڵ معاویەدا دانوستاندن دەکات و ڕێکدەکەوێت و ناوی شوراتەکان(الشراة) یان لەخۆنا کەچی بە(لەڕێ دەرچوو) (الخوارج) ناویان دەرکردو دایان نابوو (عەلی و معاویەو عەمری کوڕی عاس) بکوژن، کەچی تەنها عەلی بەرکەوت و لە مانگی رەمەزانی ساڵی (٤٠ کۆچی/٦٦١ زایینی) لەمزگەوتی (کوفە) شەهیدیان کرد



## کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ڕووی جۆری ژیان و باری گوزەرانەوە بەسەر سێ کۆمەڵدا دابەش دەبوون:

### ١- شارنشینەکان:

بەشێك لە نەتەوەی کورد و دانیشتوانی دیکەی کوردستان لە شارو ناوچە و شارۆچکەکان دەژیان و بەکاری بازرگانی و پیشەی جۆراوجۆر و پیشەسازی یەوە خەریك بوون وەك (ئاسنگەری، دارتاشی، زێڕنگەری، کوتاڵفرۆشی، جۆلایی، دەرمانسازی، کرێکاری... هتد).
هەندێکیشیان لە فەرمانگەکاندا کارمەند بوون، لەو کاتەدا ژمارەیەك شارو ناوچەی ئاوەدان و چڕ و پڕ جموجۆڵ هەبوون، لەوانە: (ئەربیل (هەولێر) شەنگال، حەلوان، ئامەد، میافارقین، حوسنکێف، سێرت، بەدلیس، دەینوەر، کرماشان(قرمسین) شاپور خواست. داقوق، سەلماس، ئورمیە، شنۆ) و چەندینی تر، لەم شارانە لە پاڵ کورد میللەتەکانی (ئەرمەن، سریان و ئاشور، جوو) دەژیان کە زیاتر بە پیشگەری و پارەگۆڕینەوە و بازرگانیەوە خەریك بوون. ئەمە وێڕای بوونی (عەرب و تورکمان) کەهاتبوونە شارە کوردییەکان و تێیدا نیشتەجێببو ن.

### ٢- گوندنشینەکان:

لە ڕاستیدا زۆربەی دانیشتوانی کوردستان لە گوندو شار و لادێکاندا نیشتەجێ ببوون، هەزاران گوندو لادێی گەورەو بچووك هەبوون، دەگمەن پانتاییەکی جوگرافی هەبوو گوندی لێنەبێ، وەکو زانراوە ئاو هەواو کەشی زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی کوردستان گونجاو و لەبارن بۆ کشتوکاڵ و ژیانی وەرزێری، دانیشتوانی گوندەکان بە ئاژەڵداری و جوتیاریەوە خەریکبوون، جۆرەها ئاژەڵی ماڵیان بەخێو دەکرد وەك پەز (مەڕ) بزن، چێڵ، گا، پەلەوەر، هاوکات گوندو لادێکان سەرچاوەی دابینکردنی هەموو چەشنە بەروبوومێکی کشتوکاڵی وئاژەڵی بوون.


### ٣- کۆچەری و نیمچە کۆچەری (ڕەوەند):

تا ئەم ساڵانەی دواییش ژمارەیەك خێل و تیرەو بنەماڵەی کورد ساڵانە گەرمیان و کوێستان (واتە گەرمیان و کوێستان) یان دەکرد و لەدوای لەوەڕگاو سەرچاوەی ئاو بوونە، سەرەتای پایز لە هاوینەهەوارەکان (باکوور)ەوە بە مەڕ و ماڵاتەوە دەڕۆیشتن بەرەو پێدەشتە گەرمەکان و ناوچە گەرمەسێرەکان و سەرەتای بەهاریش لەگەڵ خۆشبوونی ئاوو هەوا بارگەو بنەیان تێك دەنا وبەرەو کوێستان و زۆزانەکان هەڵدەکشان بەرەو چیاکان و لە قەد پاڵی زنجیرە شاخە بەرزەکاندا، دەیان لەوەڕگە و ئاو و هەبوون کە بەدرێژایی هاوین پڕ گیا پۆش پەلاش ولەوەڕبوون، هەر بۆ نموونە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هۆزی (کیکانی - کیکی) لە زستاندا لە دەشتاییەکانی دەوروبەری موسڵ دا رەشماڵی دەخست وەرزی سەرماو سۆڵەی بەسەر دەبرد، بەهارانیش ڕووی دەکردە هەرێمی زۆزانی بەفراوان شان بە شانی سەدان خێڵ و تیرەی کۆچەری تر هاوینی لە وەرگاکاندا دەگوزەراند، بەهەمان شێوە، خێڵی ڕەوەند(ڕەوادی) کۆچەریش کە لقێکی هۆزی گەورەی (هەزبانی)یە، زستانانی

## - ئیبن خەلەکان (ابن خلکان)
## (٦٠٨ – ٦٨١کۆچی / ١٢١١- ١٢٨٢ زایینی)

ئیبن خەلەکان ناوی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی خەلەکان، بنەماڵەکەیان بەناوی خەلەکانی باپیرە گەورەیانەوە ناوبانگی دەرکردوە. لە ساڵی( ٦٠٨ کۆچی/١٢١١زایینی) لە خێزانێکی ئایینی و خانەدانی کوردی زەرزاری و لە قەڵای هەولێر لەدایك بووە، قۆناغە بەراییەکانی خوێندنی لە حوجرە و قوتابخانەکانی هەولێر تەواوکردووە و لەشاری موسڵیش لای زانا کەمالەدینی کوڕی یونس (ابن یونس) درێژەی بەخوێندن داوەو لەقۆناغی لاوێتیدا لە هەولێر دەرچووە و ڕوویکردۆتە وڵاتی شام کە ئەوکاتە بەشێك بوو لە سنوری دەسەڵاتی ئەیوبی و ماوەیەك لەشاری حەلەب ماوەتەوە و لای قازی بەهائەدین کوڕی شەداد (ابن شداد) خوێندویەتی، پاشان ڕوویکردۆتە دیمەشق و لەوێشدا چووەتە قاهیرەو لە دام و دەزگا دادگەرییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی خزمەتی کردووە .ئیبن خەلەکان مەزنترین و ناودارترین مێژوونوس و کەسایەتی زانستی و دادگەری کوردە، بەڕادەیەکی بەرز مرۆڤێکی بەهرەمەند و لێهاتوو و زیرەك بووە و شارەزاییەکی کارامە بوو لە شەریعەت و دادوەری ئیسلامیدا، جێگەی ستایش و متمانەی دەسەڵاتدارانی ئەیوبی و مەملوکی بووە، سەردەمانێك قازی گشتی – قازی قازیەکان (قاضي القضاة) بووە لە دیمەشق و وڵاتی شام کە بەرزترین پایەی دادوەریە و وەك قازییەکی ڕاست و دادپەروەر ناوی دەرکردبوو، هەروەها لە قوتابخانەکانی دیمەشق بۆ ماوەی دە ساڵ وانەی دەگوتەوە و لە ساڵی( ٦٨١ کۆچی / ١٢٨٢ زایینی) کۆچی دوایی کرد.

ئیبن خەلەکان هەرچەندە سەرقاڵی ئیش و کاری قازیەتی و مامۆستایەتی بوو، ئارەزووی مێژوونوسینیشی هەبوو، وەك خۆی دەڵێت خولیای دەستخستن و پێداچونەوەی کتێبە مێژووییەکان بوو تا گەلێك زانیاری و دەنگ و باسی پیاوانی مێژووی لاکەڵەکەبوو و لە ساڵی (٦٥٤ کۆچی / ١٢٥٦ زایینی )کتێبی (وفیات الاعیان و أنباء ابناء الزمان) ی نووسی کە بە گەواهی توێژەران سەرچاوەیەکی ڕەسەن و دانسقەیە و بە زمانێکی ڕەوان و پاراو و شێوازێکی جوان و پوختە نوسراوە، مێژوونووس گەلێك وردەکاری کردوە و ڕێبازی بێ گرێ و گۆڵەی بەکارهێناوە مەبەستی داوە بە دەستەوە و ئەو بابەتەی گومانی لێ کردبێت پشتگوێی خستوە .
ئەم کتێبە کە لە هەشت بەرگی قەبارە گەورەدا بڵاوکراوەتەوە، ژیاننامە و بەسەرهاتی پتر لە هەشت سەد کەسایەتی موسڵمان لەخۆ دەگرێت کە هەندێکیان کوردن، پاشا و میر و سەرکردە و زانا و شاعیر و قازی و وەزیر و ئەدیب و مێژوونوس و زانیاریەکی زۆر و باوەڕپێکراو دەخاتە ڕوو ئیبن خەلەکان بەم کتێبە نایابەی کەلێنێکی لە کتێبخانەی مێژوویی پڕکردۆتەوە .



ئیبن خەلەکان هەولێری

# پرسیارەکان

١٥- ناوی ئەو میرو سەرکردە کوردانە دیاری بکە کە مزگەوت و قوتابخانەیان لە میسرو شام بنیاتناوە.

١٦- ڕاپۆرتێك بنووسە لەسەر نەخۆشخانەی قەیموری لە دیمەشق یان لەسەر مزگەوتی جاکی لە قاهیرە.

١٧- بۆچی زانایان و بیرمەندانی کورد بەرهەمەکانیان بەزمانی زگماکیان کوردی نەدەنوسی؟

١٨- فێرخوازانی کورد بۆچی نیشتمانیان بەجێدەهێشت و بەرە و شارە گەورەکانی جیهانی ئیسلامی کۆچیان دەکرد؟

١٩- ڕێبازی سۆفیگەری پێناسە بکە و ناوی گەورە سۆفیاتی کورد بنووسە.

٢٠- ئەو مێژوونووسانە کێن کە دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان کتێبیان داناوە؟

٢١- کورتە ڕاپۆرتێك ئامادە بکە سەبارەت یەکێك لەم کەسایەتیانە (ابن الحاجب)، شێخ ئەحمەدی زەرزاری، ئەبو عەبدوڵای گۆران).

# سەرچاوەکان



١٩. أرثر كريتستســـن، أيران فى عهد الساســـانيين، ترجمة يحى الخشـــاب، (القاهرة: ١٩٥٧).
٢٠. حســـن بيرنيا، تاريـــخ إيـــران، القديم مـــن البداية حتى نهايـــة العهد الساســـانى، ترجمة محمد نورالدين و عبدالمنعم السباعي، (القاهرة:١٩٧٩).
٢١. ســـامى ســـعيد الأحمد ورضا جـــواد الهاشـــمى، التاريخ الـــشرق الادني القديم - أيـــران و الاناضول (بغـــداد:١٩٨٥).
٢٢. سامى سعيد الآحمد و جمال رشيد احمد، تاريخ الشرق القديم، (بغداد: ١٩٨٨).
٢٣. أدم ميتز الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري.
٢٤. حسن ابراهيم حسن، تاريخ الاسلام.
٢٥. شاكر مصطفي، التاريخ العربي والمؤرخون.
٢٦. أبو زيد شلبي، تاريخ الحضارة الاسلامية.
٢٧. أحمد أمين، فجر الاسلام.
٢٨. جرجي زيدان، تاريخ التمدن الاسلامي.
٢٩. خليل ابراهيم السامرائي. دراسات في الفكر العربي.
٣٠. ابن الاثير ، الكامل في التاريخ.
٣١. ابن الخلكان ، وفيات الاعيان.
٣٢. عبدالرقيب يوسف، حضاره الدولة الدوستكيه.
٣٣. عمر رضا كحالة، معجم المؤلفين.
٣٤. ابو شامة، الروضتين فى اخبار الدولتين.
٣٥. ابن واصل، مفرّج الكروب فى أخبار بنى ايوب.
٣٦. ابن شداد، الاعلاق الخطيره فى ذكر أمراءالشام و الجزيرة جـ ١- ٢.
٣٧. المقريزي، خطط المقريزي.
٣٨. النعيمي، الدارس فى تاريخ المدارس.
٣٩. أحمد عيسى بك، تاريخ البيمارستانات في الاسلام.
٤٠. د. قادر محمد حسن، الكرد في مصر و بلاد الشام م.دراسة حضارية
٤١. مصطفى جواد، جاوان القبيلة الكوردية المنسية
٤٢. د. قـــادر محمـــد حســـن، إســـهامات الكـــرد في الحضارة الاســـلامية (دهـــوك: ٢٠٠٩)

